# چەمکی حیزب و چین...ئەرکەکانی چەپ

ئازاد ئارمان

بەشی سێیەم و کۆتایی

## ئەرکەکانی چەپ ...بەرەی یەکگرتوو، حیزبی شۆڕشگێڕ

سەرەتا بە پێویستی دەزانم پێناسەیەکی کورتی بەرەی یەکگرتوو بکەم . بۆ ئەوەی لە لای هەمووان ڕۆشن بێت مەبەستمان چی یە؟ لە بەرەی یەکگرتوو؟

### بەرەی یەکگرتوو چی یە؟

بەرەی یەکگرتوو هاوپەیمانی نێوان باڵە چەپەکان و ڕێکخراوەکانی چینی کرێکارانە. هاوپەیمانییەکی تاکتیکی و کاتی یە لە نێوان ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان و ڕێکخراوە ریفۆرمیستەکان دا پێک دێت. دەتوانن بە یەکەوە کار بکەن لە سەر مەسەلەیە هاوبەشەکانی ناو کۆمەڵ لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن لە ڕووی ڕێکخراوەیی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی یە وە. بۆ نموونە لە سەر مەسەلەی ژنان، داخوازی یە کرێکاری یەکان، مەسەلەی هەڵبژاردن، بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم ....هتد .

### ئەزموونەکانی بەرەی یەکگرتوو لە مێژوودا

لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی دا ئەم شێوازە لە کار کردن لە لایەک دەسکەوتی مەزنی هەبووە بۆ بزووتنەوەکەمان . بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە زۆر دەورانی ناسکی مێژووی دا نەبوونی بەرەی یەکگرتوو بۆتە نسکۆ و شکست بۆ بزووتنەوەکەمان. بە بیر هێنانەوەی ئەم ئەزموونە لە مێژووی بزووتنەوەکەماندا دەتوانێ لە هەموو بارێکەوە کۆمەک بکات و دەرسێکی چینایەتی بێت بۆ چەپ و سۆسیالیستەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی وەزعی مەوجودلە کوردستان و عێراقدا .

**یەکەم** :ئەزموون و تاقی کردنەوەی ئەلمانیا لە سالانی سی یەکانی سەدەی بیستەم دا، لە سەردەمانی پێش بە دەسەڵات گەیشتنی (هیتلەر) فاشیزم لە ئەلمانیا. لە کۆتایی ساڵی 1932 ، لە هەڵبژاردنەکانی ئەلمانیادا حیزبی سۆسیال دیموکرات 7.2 ملیۆن دەنگی بە دەست هێنا، هەروەها حیزبی کۆمۆنیست 6 ملیۆن دەنگی بە دەست هێنا . کۆی دەنگی هەر دوو حیزب دەگەیشتە زیاتر لە 13 ملیۆن دەنگ. لە کاتێکدا نازییەکان لەهەمان هەڵبژاردن دا 11.7 ملیۆن دەنگیان بە دەست هێنا .کە بە هەردووکیان 1 ملیۆن دەنگیان زیاتر بوو لە نازی یەکان. بەڵام یەک نەگرتنی ئەم دوو حیزبە، گەورەترین کارەساتی بە سەر چینی کرێکارانی ئەلمانیا و جیهان هێنا و نازی یەکان (هیتلەر)دەسەڵاتی گرتە دەست و مرۆڤایەتی تووشی کارەساتێکی مەزن هات. هەر دوو حیزب، سۆسیال دیموکرات و حیزبی کۆمۆنیست لە جیاتی یەکگرتنیان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کەوتبوونە دژایەتی و ڕکابەرایەتی یەکتر ئەم

فرسەتەیان لە دەست دا. لیۆن ترۆتسکی زۆر زیرەکانە و بە وردی و هەست کردن بە مەسئولیەت ، دەرکی بەم مەسەلەیە کردبوو و چەندین جار هۆشداری دەدا بە هەردوو لایەن. کە لێرەدا چەند بەشێک لە قسەکانی تان بۆ دەگێرمەوە: لە هەمان ساڵ دا نامیلکەیەکی نووسی بە ناوی ( ئەڵمانیا کلیلێکە بۆ بارودۆخە جیهانی یەکە ) کە تیایدا دەڵێ : {ئاراستەیەک کە یەکلاکردنەوەی قەیرانی ئەڵمانیا پیایدا دەڕوات نەک تەنها چارەنووسی خودی ئەڵمانیا پشتی پێوە دەبەستێت (کە ئەمە خۆی لە خۆیدائامانجێکی گەورەیە ) بەڵکو چارەنووسی ئەوروپا و قەدەری هەموو جیهانیش بۆ چەندین ساڵی داهاتوو دیاری دەکات. هاتنە سەر کاری سۆسیالیستە نەتەوەپەرستەکان بە پلەی یەکەم هەڵوەراندنی گوڵی پرۆلیتاریای ئەڵمانیا دەگەیەنێت، ...هتد. }

دوای تێپەرینی سێ ڕۆژ لە نووسینی ئەم نامیلکەیە، ترۆتسکی وتارێکی تری نووسی لە ژێر ناونیشانی ( لە پێناوی بەرەیەکی یەکگرتووی کرێکاران لە دژی فاشیزم دا ) وتارەکەی بەم وشانە دەست پێدەکات :

{ ئەی کرێکارانی کۆمۆنیست ئێوە چەند سەد کەسێکن لە هەزاران، لە ملیۆنان. ئێوە ناتوانن بۆ هیچ شوێنێک سەر هەڵبگرن ...ژمارەی پەساپۆرتی پێویست نی یە بۆ هەمووتان. هەر کە فاشیزم دەسەڵات وەربگرێ، وەکو تانکێکی تۆقێنەر بە سەر کەللە و پەیکەرە و ئێسکەکان تان دا دەگوزەرێ. ڕزگاری ئێوە لە مارشی خەباتدا، تەنها لە ڕێگەی یەکێتی یەکی تۆقێنەر لە گەڵ کرێکارە سۆسیال – دیموکراتەکاندا دەتوانێ سەرکەوتن بێنێتە دی. پەلە بکەن..ئەی کرێکارانی کۆمۆنیست کاتێکی کەمتان بە دەستەوە ماوە}.

**دووەم** : شۆڕشی رووسیا یەکێکە لە نموونە هەرە سەرکەوتووەکانی بەرەی یەکگرتوو لەو سەردەمەدا. کە چۆن لینین و ترۆتسکی توانیویانە زۆر سەرکەوتووانە ڕابەری و ڕێنمایی شۆڕشەکە بکەن و تا سەرکەوتنی ببەن . ئەوە لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە لە شۆڕشی شوبات چەند مانگ پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەلشەفیەکان کەمایەتی بوون لە ناو شوراکان دا و لە دەسەڵاتی سیاسیشدا ، ئەو کاتەی دەسەڵاتی دوولایەنە لە کایەدا بوو. کە بەلشەفیەکان لە گەڵ پارت و گرووپی جیاواز کاریان بە یەکەوە دەکردو سەرکەوتوو بوون. هەروەکو ترۆتسکی ئاوا وەسفی شوراکان دەکات: {بەرزترین ئۆرگانی بەرەی یەکگرتوو بوو}. هەروەها لە کۆنگرەی چوارەمی ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنیست لە ساڵی 1922داباسێکی تایبەتی سەبارەت بە بەرەی یەکگرتوو پێشکەش بە ئەندامانی کۆنگرە کرد . پەیامەکەشی بۆ حیزبە کۆمۆنیستی یەکان ئەوە بوو وە ، کە لە شوێنێکدا دەڵێ { بە ڕوونی دیارە پێویستی مان بە تاکتیکی بەرەی یەکگرتووە هەیە} .مەبەستی بنچینەیی لەم باسەدا ئەوەیە تەواوی حیزب و گرووپەکان کە کرێکاران لە دەوریان کۆبونەتەوە، بە بیرو باوەری جیاواز و حیزب و ڕێکخراوی جیاواز دەتوانن لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە بۆ دژایەتی کردنی دوژمنی هاوبەش کە ئەویش بۆرژوازی یە. بەڵام بە مەرجی پاراستنی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی وەکو ترۆتسکی لە وتە بەناوبانگەکەی دا دەڵێ { بە جیاواز بە ڕێگادا بڕۆین، بەڵام بە یەکەوە مانبگرین }.

## بنیادنانی هاوپەیمانی چەپەکان (بەرەی یەکگرتوو ) مەسەلەی مان و نەمانە؟

بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەی سەندووە و چۆتە قۆناغێکی تر لە تێکۆشان لە دژی وەزعی مەوجود لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ( دەسەڵاتداری پارتی و یەکێتیی) . دەتونین ئەوە ببینین لە قۆناغی نارەزایەتی چۆتە قۆناغی بەرەنگاربوونەوە. کە لە چەندین شوێنی جیا جیای شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەبینرێ و لە چەندین شوێنیش شەڕ و پێکدادان دروست بووە لە نێوان

جەماوەری نارازی و هێزە کانی پارێزەری دەسەڵاتی هەرێم وەکو: پۆلیس ، زێرەڤان، پێشمەرگە، ئاسایش....هتد . نارەزایەتی یەکان بە شێوەیەک پەرەی سەندووە کە هەتا خودی دەسەڵاتدارانی حیزبی و حکومی هێناوەتە قسەو ، ئەوانیش باس لە ڕیفۆرم دەکەن لە ناو خۆیاندا. دەسەڵاتداران ناویان لەم نارەزایەتی یە جۆر بە جۆرانە ناوە گەندەلی ، بەڵام لە راستی دا سەرەرای بوونی گەندەلی لە هەموو ئاستەکانی حیزبی و حکومی، ئەم قەیرانە ناتوانرێ بە گەندەلی لغاو بکرێ ، چونکە ئەم بزووتنەوە بەرهەلستکاری یە داواکاری گۆڕانی بنەرەتی یە لە هەموو مەیدانەکان دا: سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ...هتد.

ئەگەر سەیرێکی وێنەی هەموو عێراقیش بکەین کارەساتەکان زۆر گەورەتر وکێشەکانیش زۆر قولترن، دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی هەر بەردەوامە و هەموو ڕۆژێک بە دەیان و سەدان کەس لە خەڵکی ئاسایی دەبنە قوربانی سیاسەتی داگیرکەرانەی بوش و بلێرە. ئاماری قوربانی یەکان دوای چوار ساڵ زیاتر لە 650000 شەش سەدو پەنجا هەزار کەسە. سەرەرای وێرانی و کاولکردنی ئەم وڵاتە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی سیاسی و دەرونی یەوە .هەروەها ئامارەکانی پەناهەندە بوون زۆر زیاترە و هەموو ڕۆژێکیش لە هەڵکشان دایە کە قسە لە سەر چەند ملیۆنە. سەرەرای ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا شکستی خواردووە وەو، ئەمریکا لە غەیری چوونەدەرەوەی لە عێراقدا هیچ ئاسۆیەکی تری نی یە ، بەڵام ئەمریکا کارێکی کردووە لە شازدە ساڵی رابردوودا، تەواوی ئەم کۆمەڵگایەی ئیفلیج کردووەو .

ئەزموونەکانی 16ساڵەی ژێر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و ، چوار ساڵەی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ئەمریکا لە سەرتاسەری عێراق بە کوردستانیشەوە. ئەوە دەخوازێ لە چەپەکان و ڕێکخراوە کرێکاری و پیشەیی کان و کۆڕو کۆمەڵە کانی تر دەست بەجێ کارێک بکەن بۆ گۆڕان و گۆڕینی ئەم هەلومەرجە مەینەتبار و مەرگبارە. یەکێک لەم ئەرکانە بنیادنانی بەرەیەکی یەکگرتوو وە لە پێناوی داخوازی و مافە سەرەتایی یەکان ئەرکێکی دەست بەجێیە و دواکەوتن هەلناگرێ، لە پێش ئەمانەشەوە داخوازی (ئاشتی ، ئاسایش ، یەکێتی) لە سەرووی هەموو داخوازی یەکانەوەیە . ئەم کارەش لە ئەستۆی تەواوی چەپەکانە لە سەرتاسەری عێراق و کوردستان.دەرک نەکردنی ئەم هەلومەرجەی عێراق و پشت گوێ خستنی ئەم داواکاری یانە لە ژێر ناوی جیاوازی یەکان و کاری سکتاریستی و گرووپچیەتی و خەباتی ئایدیۆلۆژی ئەم هەلەمان لە دەست دەدات و چارەنووسی ئێمەو کرێکاران بەرەو دونیایەکی تاریک ترمان دەبات لە مەی ئەمرۆ هەیە. ئەم وتەیەی مارکس جووتە لە گەل هەلومەرجی ئەمرۆی عێراق و کوردستان کە لە بەرنامەی گۆتادا دەڵێ : "هەنگاوێک بردنە پێشەوەی بزووتنەوەکە، لە دەرزەنێک بەرنامە باشترە" .

## حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێر

یەکێک لە ئەلف و بێی کۆمۆنیستی ئەوەیە، کرێکاران ناتوان بە بێ ڕامالینی دەسەڵاتی سەرمایە، بە ئامانجەکانیان بگەن . لە بەر هۆکارێکی زۆر سادە و ساکار، چونکە بۆرژوازی ڕێکخراوە و دەسەڵاتی خۆی دەپارێزێ لە ڕێگای دەوڵەتەوە. دەوڵەتیش یانی دەسەڵاتی چینێک بە سەر چینێکی تردا.، لە ڕێگای دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی وەکو: پۆلیس، سوپا، دادگا، میدیا، سامان ...هتد. خەبات کردن دژی ئەم سیستەمە، پێویستی بە ڕێکخراوبوونە. دەبێت کۆمەڵانی کرێکاریش ڕێکخراو بن .پارتی کرێکارانی سۆسیالیست بۆ ئەم ئەرک و ئامانجە پێک دێت.هەر وەکو مارکس لە پەرتووکی هەژاری و فەلسەفەدا دەڵێ: {دروست بەو شێوەیەی کە ئابووری ناسان نوێنەرانی زانستی چینی بۆرژوایین. سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکانیش تیوریناسی زانستی چینی کرێکارانن}

پرسیاری بنچینەیی – سەرەکی ئەمرۆ لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دا، ئەوەیە ئەم حیزبە چۆن پێک دێت ؟ یاخود چۆن لێرەوە دەگەین بە حیزبێکی شۆڕشگێڕی واقیعی؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ڕوانگە و تێروانینی جیاواز هەیە. من لە نووسراوەیەک دا بە ناوی (بۆچی لە کوردستان پێویستیمان بە حیزبێکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕە)ئاسۆ و ئامانجەکانی ئەم حیزبەم لە ڕوانگەی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕەوە شیکردۆتەوە، لەم باسەدا دووبارەی ناکەمەوە.تەنها چەقی باسەکەم دەخەمە سەر وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە سەرەوە.

بنیادنانی حیزب پێویستی بە پرۆسەیەک لە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنە هەیە، گرێدانی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران لە پێناوی داواکاری یە سیاسی و ئابووری و ڕێکخراوەی یەوە بە سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە .دەتوانرێت لە کاتێکی سنووردار و دیاریکراودا ئەم حیزبە پێک بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەبێت ئەوەمان لە لا ڕۆشن بێت جیاوازی هەیە لە نێوان گروپێکی مارکسیستی و ڕێکخراوەیەکی سۆسیالیستی و حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست. گروپێکی مارکسیستی دەتوانرێ لە نێوان چەند کەسێک، پۆلێک، دەستەیەک لە مارکسیستەکان پێک بێت ، کە وەکو یەک بیردەکەنەوە، سەر بە یەک ئایدیۆلۆژی و یەک ڕەوتی دیاریکراون. ڕێکخراوەیەکی سۆسیالیستیش لایەنی کەم ئەم پرۆسەیەی بڕی بێت کە پێویستە، نموونە خاوەنی ڕێکخستنێک بێت لە بەشێکی زۆر شارەکان و ڕۆژنامەیەکی سەرانسەری هەبێت و خاوەنی چەندین کادیر بێت. بەڵام مەسەلەی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە لە گروپێکی مارکسیستی و ڕێکخراوەیەکی سۆسیالیستی . ناکرێ بە هەمان مەتریالی گروپێکی مارکسیستی یان ڕێکخراوەوەیەک حیزبێک دروست بکەیت. لە ڕوانگەی بەشێک لە چەپەکان بە دیارترینیان ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری یە لای ئەم ڕەوتە حیزب دروست کردن کاری ڕۆشنبیرانی شۆڕشکێڕە، بە واتایەکی تر چەند هەلسوراوێک تەسمیم دەگرن و دوای چەند کۆبۆنەوە یان کۆنفراسێک ، پلینیۆمێک حیزبێک دەتوانن ڕابگەیەنن، هەر ئەم کەسانەش دەتوانن بە بەیاننامەیەک لە 24 سەعات دا هەلی وەشێننەوە .ئەم تێروانینە و ڕێبازە لە حیزب دروست کردن . کاتی سەیری کۆمەڵگا دەکات بەشمەینەتی یەکان و نایەکسانی نادادپەروەری و جەنگ دەبینێت ، ڕێگاچارە لە حیزبەوە دەبینێت حیزب دروست دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بنیاد بنێت خودی ئەم بیرکردنەوەیە کارێکی مرۆڤانە و شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام مارکسیستی و ماتریالیستی نیە بۆ؟ چونکە ئەم ڕەوتە بۆیە حیزب دروست دەکات تاکو ئەم کارانە ئەنجام بدات: یەکێتی یە کرێکاری یەکان دروست بکات، ڕێکخراوەی ژنان، مامۆستایان ، خوێندکاران، ڕێکخراوە مەدەنی یەکان ....هتد ئەمانە هەموو لە گرەوی بوونی حیزب دایە و ئەبێت حیزب ڕێگاو شوێنی ئەم ڕێکخراوانە دیاری بکات ....زۆر شتی تریش. نموونەی 13سالی رابردوو لە کوردستان و 5 سالە لە ناوەراست و باشووری عێراق ، شاهیدی چەندین کاری لەم بابەتەین. پێم وایە پێویست بە هێنانەوەی نموونەی زۆر ناکات چونکە زۆربەی هەلسوراوان ئەزموونێکیان هەیە لە گەل ئەم شێوە کارانە. بەڵام با بزانین مارکسیزمی ڕەسەن لەم بارەیەوە دەڵێ چی ، مارکس لە ئایدیۆلۆژی ئەلمانی دا دەڵێت : { هۆشیاری کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵایەتی دیاری ناکات، بەڵکو ئەوە بوونی کۆمەڵایەتی یە هۆشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات} ئەمە بناغەی چینایەتی مارکسیزمە. کرێکاران لە پەرتووکەکانی مارکس فێری ئەوە نەبوون چۆن زێدەبایی دروست دەبێت یان چەوسانەوەی چینایەتی لە کوێ وە سەرچاوەی گرتوو وە، بەڵکو ئەمانە و چەندینی تر لە خەبات و تێکۆشانی هەموو ڕۆژەیان دا فێری بوون و فێری دەبن ، کرێکاران لە ڕوسیا لە کۆمیتە حیزبی یەکانی بەڵشەفیەکان لە ساڵی 1905دا دەرسیان وەرنەگرت کاتێ شوراکانیان پێکهێنا، بەڵکو ئەوە حیزبی بەلشەفێک بوو لە کرێکاران فێربوو و تێگەیشت پێکهێنانی ئەم شورا کرێکاری یەکان مانای چی یە.

ئەنجامگیری لە باسەکەماندا ئەوەیە بۆ دەست راگەیشتن بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە گرەوی وڵامدانەوەیە بە دوو شێوازی خەبات: یەکەم چاڵاک بوون و دەست بە کاربوون لە تەواوی مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی و نەبەرەکانی تر لە پێناو دیموکراسی ڕاستەقینەدا. کە بەرەی یەکگرتوو یەکێکە لە مەیدانە هەرە گرنگەکانی هێزی چەپ بۆ دەرکەوتنی لە کۆمەڵگە و .....هتد. دووەم: تێکۆشان بۆ دەست راگەیشتن بە تیوری شۆڕشگێرانە (مارکسیزمی ڕەسەن) .هەروەها دورکەوتنەوە لە سۆسیللیزمی ستالینی، ماوی، چەپی وڵاتانی جیهانی سێیەم بە هەموو لق وپۆپەکانی یەوە.